**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**
**ژمارە: ٢١١١ لە ٢٠٢٠/٣/٩**

پاڵپشت بە بڕگەکانی (یانزەم) و (دوانزەم) و (نۆزدەم) لە ماددەی (دووەم) لە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٠ و بڕگەی (شەشەم) لە ماددەی (سێیەم) لە یاسای پاراستن و پێشخستنی بەرهەمی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٨ و ماددەی (٥) لە یاسای (امراض الحیوانات العفنة) ژمارە (٦٨)ی ساڵی ١٩٣٦ و ماددەی (٦،٥) لە سیستەمی ڤیتێرنەری ژمارە (٨٤)ی ساڵی ١٩٣٧ و بە مەبەستی کۆنترۆل و ڕێکخستنی بازرگانی کردن بە هاوردەکردنی ئاژەڵی زیندوو کە بوٓتە هۆکارێک بۆ ئەوەی بە سەدان ملیۆن دۆلار ڕەوانەی دەرەوە بکرێت و بۆ ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لە ڕێگای ئەم پرۆسەیە و بە مەبەستی دابینکردنی گۆشتی سووری تەندروست و پاک بۆ هاووڵاتیان و پاراستنی سامانی ئاژەڵ لە هەرێمی کوردستان و دۆزینەوەی هەلی کار بۆ دەرچوانی کۆلێژە کشتوکاڵیەکان و ڤیتێرنەریەکان ئەم بڕیارەمان دا :

**بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠**

**تایبەت بە ڕێکخستنی هاوردەکردنی ئاژەڵی زیندوو بە مەبەستی قەڵەوکردن و سەربرین**

**یەکەم:** مۆڵەتی هاوردەکردنی ئاژەڵی زیندوو بۆ قەڵەوکردن تەنیا بەوانە دەدرێت کە خاوەن پڕۆژەی قەڵەوکردنی ئاژەڵی زیندوون و کە پڕۆژەی قەڵەوکردنیان هەیە و مۆڵەتی وەزارەتیان هەیە و مۆڵەتەکەیان نوێکراوەتەوە و پێویستە پڕۆژەکانیان بە سەرپەرشتی بەرێوەبەرایەتی ڤیتێرنەری و بەشی سامانی ئاژەڵ و پارێزگاکان و بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەت بێت .

**دووەم:** ژمارەی ئاژەڵی هاوردەکراو بۆ قەڵەوکردن بەپێی توانای شوێنی قەڵەوکردن دەبێت و نابێت کێشی ئاژەڵەکە (گۆلکی بچووکی گۆشت) لە (١٥٠) سەدو پەنجا کیلۆگرام و (بەرخ و کار) لە (٢٥) بیست و پێنج کیلۆگرام زیاتر بێت و پێویستە سەرجەم ئاژەڵەکان ژمارە پێناسیان هەبێت .

**سێیەم:** مۆڵەتی نوێ دەدرێت بە هاوردەکردن دوای ئەوەی کە ڕاپۆرتی وەجبەی پێشوو لە لایەن داواکار پێشکەش بکرێت کە پابەندبووە بە ڕێنماییەکانی هاوردەکردن .

**چوارەم:** لە دوای کەرەنتینی ئاژەڵی هاوردەکراو و گواستنەوەی بۆ ئەو پارێزگایەی کە مۆڵەتەکەی بۆ دراوە جارێکی دیکە ڕێگا نادرێت بگوازرێتەوە بۆ پارێزگایەکی دیکە .

**پێنجەم:** داواکاری پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو بڕەی کە داوای دەکەن پێویستە بەپێی پێداویستی پارێزگا بێت بە ڕەچاوکردنی پاراستنی بەرهەمی ناوخۆ و نرخ و داواکاریەکە بۆ سێ مانگ پێکەوە پێشکەش بە وەزارەت بکرێت وە شێوازی پێدانی مۆڵەتی هاوردەکرن لە ڕێگەی لیژنەیەکی تایبەت دەبێت لە وەزارەت کە ساڵانە بە فەرمانێکی وەزاری وەزیر نوێدەکرێتەوە و دەکرێت ئەم لیژنەیە گۆرانکاری بەسەردابێت .

**شەشەم:** هاوردەکردنی ئاژەڵی زیندوو بە مەبەستی سەربڕین لە کوشتارگاکان لە هەریەک لە (جوانەگای گۆشت) نابێت کێشی لە (٤٠٠) چوار سەد کیلۆگرام و (کاور،گیسک) لە (٦٠) شەست کیلۆگرام زیاتر بێت. ئەم مۆڵەتە دەدرێت بەم کۆمپانیایانە کە خاوەن شوێنی حەوانەوەی ئاژەڵی و مۆڵەتی خۆیانن و بەکرداری ئەم ئاژەڵانە هاوردە دەکەن و دەیانفرۆشنەوە بە قەسابەکان و ڕەچاوی کاری پێشتری کۆمپانیاکان بکرێت و لە ژێر سەرپەرشتی و بە هەماهەنگی نێوان ب. ڤیتێرنەری و بەشی سامانی ئاژەڵی پارێزگاکان بە پێی ڕێنماییەکانی وەزارەت .

**حەوتەم:** پێویستی دروستکردنی شوێنی کەرەنتینی ئاژەڵی هاوردەکراو بە توانای گونجاو لە دەروازە سنووریەکان چ لە لایەن حکومەت یان کەرتی تایبەت پاڵپشت بە ماددەی (٦) لە سیستەمی ڤێتێرنەری ژمارە (٨٤) ی ساڵی ١٩٣٧ ڕێگە دەدرێت بە کەرتی تایبەت بۆ دروستکردنی شوێنی کەرەنتینی تایبەت بە ئاژەڵان لە دەروازە نێودەوڵەتیەکان و فرۆکەخانەکان بە سەرپەرشتی لیژنەیەکی هونەری تایبەت لە وەزارەت و بە هاوکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ ڕێکخستنی کاروبارە داراییەکان .

**هەشتەم:** پێویستە کۆمپانیاو پڕۆژەی قەڵەوکردن و ئەوانەی کە پڕۆژەی قەڵەوکردنیان هەیە و مۆڵەتی وەزارەتیان هەیە پابەندبن بە دانانی پزیشکێکی ڤیتێرنەری و ئەندازیارێکی کشتوکاڵی (بەشی سامانی ئاژەڵ) بۆ هەر پڕۆژەیەک بۆ ئەو دەرچووانەی کە دانەمەزراون لە حکومەت وەک سەرپەرشتیاری پرۆژەکانیان .

**نۆیەم:** دەبێت هاوردەکار پابەندبێت بە ماوەی دیاریکراو بۆ هاوردەکردن کە (٣) سێ مانگ دیاریکراوە و بۆ ئەوانەی کە مۆڵەتیان پێدەدرێت لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم بڕیارە بۆ هاوردەکردنی ئاژەڵەکانیان بۆ ناو هەرێم لە وڵاتی سەرچاوە و هەروەها گۆڕینی سەرچاوەی هاوردەکردن لە دەسەڵاتی لیژنە دەبێت لەژێر سەرپەرشتی وەزیر .

**دەیەم:** لیژنەیەکی هاوبەش لە بەرێوەبەرایەتی ڤیتێرنەری و بەشی سامانی ئاژەڵی پارێزگاکان سەردانی شوێنی کۆمپانیای هاوردەکردنی ئاژەڵ بۆ دڵنیابوون لە بڕی بەشی هاوردەکراو و بکرێتە کۆنووسێکی هاوبەش ڕەوانەی لیژنە بکرێت بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکرێت .

**یانزەم:** تایبەت بە پڕۆژەکانی قەڵەوکردن لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی (٢٠٢٠) بە شێوەی دووجار و ووزەی تەواوی پرۆژە پێیان بدرێت بەدەر لە پشکی پارێزگاکان لەلایەن هەمان لیژنەی دانراو لە دیوانی وەزارەت کە لە خاڵی (٥) پێنجەم ئاماژەی پێدراوە .

**دوانزەم:** سەبارەت بە هەنگاوی جێبەجێ کردنی بەرنامەی لە سەربرینەوە بۆ قەڵەوکردن هەنگاو بە هەنگاو بێت و بۆ ساڵی (٢٠٢٠) ڕێژەی سەربڕین کەمبکرێتەوە بۆ (٥٠ ٪) لە پشکی پارێزگاکان بەپێی ستاندەری کارپێکراو کە داوای دەکەن .

**سێزدەم:** هەر کۆمپانیایەک کە خواستی هاوردەکردنی ئاژەڵی هەبێت پێویستە بارمتەیەک بەڕێژەی (٥ ٪) لە نرخی وەجبەی ئاژەڵی هاوردەکراو لە هەژماری بانکی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو / ب . گ . کشتوکاڵی پارێزگاکان دابنێت تا پشتگیری سەربڕخانەی وەردەگرێت کە ئاراستەی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتیەکانی دەکات و ئەگەر پابەند نەبوو بە ڕێنماییەکان مافی بڕە پارەکەی نامێنێت .

**چواردەم:** دەبێت چاودێری بازرگانی بە ڕۆڵی خۆیان هەڵبستن بۆ ئەم مەبەستەش ئاسانکاری پێویستیان بۆ دەکرێت بۆ چاودێریکردنی نرخی زیندەقەپانی ئاژەڵی زیندوو و نرخی گۆشت لە بازارەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ ب . گ . کشتوکاڵی پارێزگاکان / سامانی ئاژەڵ .

**پانزەم:** لەحالەتی بەرزبوونەوەی نرخی گۆشت لە دەسەڵاتی وەزیرە ڕێگە بەهاوردەکردنی ئاژەڵی زیندوو بدات بەو کۆمپانیایانەی کە پێشینەی کاریان هەیە بە لەبەرچاوگرتنی بەرهەمی ناوخۆیی .

**شانزەم:** لە ساڵی (٢٠٢١) پێداچوونەوە بە بڕیاری ڕێگەدان بە ئاژەڵی زیندوو بە مەبەستی سەربڕین بکرێت کە لە خاڵی (شەشەم) ئاماژەی پێکراوە .

**حەڤدەم:** ئەو کۆمپانیایانەی ئاژەڵی زیندوو هاوردە دەکەن بۆ قەڵەوکردن و دەفرۆشنەوە بە ئاژەڵداران و پرۆژەکانی بچووک و تاکەکەسی پێویستە بارمتەیەک بەڕێژەی (٥ ٪ ) ی نرخی وەجبەی هاوردەکراو لە هەژماری بانکی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو / ب . گ . سامانی ئاژەڵ و ڤێتێرنەری دابنێن بۆ جیاکردنەوەی کۆمپانیاکانی بەکردار کارەکە دەکەن لەگەڵ ئەوانەی کڕین و فرۆشتن بە کارەکەوە دەکەن و سنووردار بکرێت ، وە هەر کاتێک سەرپێچی بکەن لەو بارمتەیە سزای دارایی دەدرێت .

**هەژدەم:** هەر کۆمپانیایەک هەڵسا بە کڕین و فرۆشتنی مۆڵەتی هاوردەکردن و پابەند نەبوو بەمەرجەکانی کێش وووڵاتی سەرچاوە و تەندروستی ئاژەڵەکە و هێشتنەوەی ئاژەڵەکان لە کەرەنتینەکان و پابەند نەبوون بەو بڕیارە و یاسا و ڕێنماییەکانی وەزارەت تایبەت بەهاوردەکردنی ئاژەڵ ئەوا لە لایەن وەزارەتەوە و رووبەرووی لێپرسینەوەی یاسایی دەبێت .

**نۆزدەم:** هەر کۆمپانیایەک لیژنەی لێکۆڵینەوەی لەسەر پێکهات بە فەرمانی وەزیر چالاکی ڕادەگیرێت لەبەر ئەوەی لەژێر لێکۆڵینەوەدایە تاوەکو ڕاسپاردەی لیژنە لای وەزیر پەسند دەکرێت .

**بیستەم:** هەر کۆمپانیایەک پابەند نەبوو بەم بڕیارە ئەوا کۆمپانیاکەی دەخرێتە لیستی ڕەش یان چالاکی ڕادەگیرێت بە ڕەزامەندی وەزیر .

**بیست ویەک:** ئەم بڕیارە لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی لەڕۆژنامەی ڕەسمی (وەقایعی کوردستان) کاری پێدەکرێت

**بێگەرد تاڵەبانی**

**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**